# رِفاعة الطهطاوي

## وەرچەرخانێکی پڕ لە مەترسی




نووسینی: إحسان برهان الدين

# رفاعة الطهطاوي

## وەرچەرخانێکی پڕ لە مەترسی

نووسینی
إحسان برهان الدين


بسم الله الرحمن الرحيم

باسی ئەم ناوداره کە لەلایەکەوە زادەی خوێندنەوەکانمە لەسەری و لەلایەکی ترەوە هەندی لەو هەڵێنجان و دەرەنجامانەی خۆیشم کە پێی گەیشتووم بۆم زیادکردووە، هەوڵ ئەدەم هەمووی لە چەند خاڵێکدا بە کورتی و بەپوختی بۆ ئێوەی بەڕێز دەخەمە ڕوو:

1 - لە ساڵی 1801ز لە سوهاج لە میسر لە دایکبووە ، لەبنەماڵەیەکی ناودار و بەڕێزدا پەروەردە بوو ، باوکی هەر لە منداڵییەوە قورئانی پێ لەبەرکرد ،

پاش مردنی باوکی کەسە نزیکەکانی تری هەمان بایەخیان پێدا و زۆريك لە مەتنە زانستیەکانی ئەو سەردەمەی لەبەر کرد.

لە شانزە ساڵیدا ڕۆیشتە قاهیرەو لە ئەزهەر زانستەکانی الحديث والفقه والتفسير والنحو والصرف ی خوێند.

2 - لە ساڵی 1826ز وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانیدا ڕوویدا کە بريتی بوو لە هەڵبژاردنی لە لایەن حکومەتی میسرەوە لە سەردەمی محمد علي پاشا

وەکو پێش نوێژ (چونکە لەسەردەمی خیلافەتی عوسمانی دەبوو لە گەڵ هەموو نێردەیەك پێش نوێژ و واعظ ێك ڕەوانە بکرایە لەگەڵ ئەو نێردەیەی کە بۆ خوێندنی زمان و زانستە هاوچەرخەکاندەچوون بۆ فەرەنسا .

3 - ئەو ئەگەر چی وەکو پێش نوێژ بۆ فەرەنسا نێردرا بوو، بەڵام لەوێ فێری زمانی فەرەنسی بوو ودواتریش کتێبی (تَخْلِيصُ الإِبْرِيزِ فِي تَلْخِيصِ بَارِيز)ی نووسی کە ناوبانگێکی زۆری بە دەستهینا و

تێیدا زۆر ستایشی فەرەنساو شارستانیەتی ئەوروپای بە چاك و خراپیەوە کرد . لەم کتێبەیدا جوانکارییەکی زۆری بۆ شارستانی ڕۆژئاواو بەتایبەتی بۆ فەرەنسا کرد و هەموو شتێکی ئەوانی بۆ میسرییەکان -بەدەر لە حوکمی ئیسلام لەو شتانەدا- وەکو کارێکی چاك نیشاندا کە پێویستە شوێنی بکەون،

4 - پاش گەڕانەوەی بۆ میسر ڕۆڵی گەورەو بەرچاوی بینی لە بواری وەرگێڕانی کتێبە

فەرەنسیەکان و بەرپرسیارێتی مەزنی پێ سپێردرا ،دواتر دەرکەوت کە ئەو خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری هەرە گەورەیە بۆ دامەزراندنی بزوتنەوەی زاڵکردنی شارستانی ئەوروپا و لەبیرکردن و ناشیرینکردنی شارستانی ئیسلامی.

5- لەبەرانبەریشدا توانی ڕەزامەندی محمد علي پاشا و کوڕەکانی دوای خۆی بەدەست بهێنێ و پلەو پایەی بەرزو و دیاری وپارەی زۆری پێبەخشرا بە

ئەندازەیەك كاتێك وەفاتی كرد یەكێك بوو لە دەوڵەمەندەكانی میسر.

6 - لە ڕاستیدا رفاعة الطهطاوي ڕۆڵێکی زۆر خراپ و هەستیاری لە بواری تەغریب کردندا بینی، چونکە بۆ هاتنە ژورەوەی ڕۆژئاواییەکان یەکەمین کەلێنی دروست کرد ، وەکو ڕۆژهەڵاتناس (جب) دەڵێت: (كانت المصادر الأولى التي أخذ الفكر الأوربي يشع منها هي المدار المهنية التي أنشأها محمد علي، والبعثات العلمية التي أرسلها إلى أوربا،

ويذكر أن منها مدرسة الألسن التي كان يشرف عليها العالم "الفذُّ" رفاعة الطهطاوي، وهو تلميذ جومار ألبار).

7 - رفاعة به شێوەیەکی ڕەها بەرگری لە بیری ڕۆژئاوا دەکرد بە هەموو ئەوانەشیەوە کە لە گەڵ ئیسلامدا ناکۆکن ونەگونجاون ، بۆنموونە ستایشی فەرەنسیەکانی دەکرد کە چۆن ژن و پیاویان تێکەڵ دبن و سەما دەکەن ، وەکو لەوکتێبەیدا دەڵیت:(والغالب أن الجلوس للنساء، ولا يجلس

أحد من الرجال إلا إذا اكتفى النساء، وإذا دخلت امرأة على أهل المجلس ولم يكن ثَمَّ كرسي خالٍ قام لها رجل وأجلسها، ولا تقوم لها امرأة لتجلسها، فالأنثى دائمًا في هذه المجالس معظمة أكثر من الرجل، ثم إن الإنسان إذا دخل بيت صاحبه؛ فإنه يجب عليه أن يحي صاحبة البيت قبل صاحبه ولو كبر مقامه ما أمكن، فدرجته بعد زوجته أو نساء بيته).

8 - یان دەربارەی وەسفکردنی سەمای فەرەنسییەکان کە چۆن ئافرەتەکانیان لەگەڵی پیاوی نەناسدا سەما دەکەن و دوای ئەوەی لەگەڵ پیاوێکدا لەسەماکەی دەبێتەوە پیاوێکی تر بانگی دەکات و لەگەڵ ئەویش سەما دەکات و باسی ئەوە دەکات ئەو سەما کردنی چەند دووره لە حەزوشەهوەتەوە و ئافرەتانی فەرەنسی ئەوەیان زۆر پێ خۆشە و دەڵێت: (فالرقص في باريس دائمًا غير خارج عن قوانين الحياء، بخلاف الرقص في أرض مصر فإنه من خصوصيات النساء؛ لأنه لتهييج

الشهوات، أما في باريس فإنه لا يُشم منه رائحة العهر أبدًا! وكل إنسان يعزم امرأة يرقص معها، فإذا فرغ الرقص عزمها آخر للرقصة الثانية، وهكذا، وسواء أكان يعرفها أو لا، وتفرح النساء بكثرة الراغبين في الرقص معهن) بەمەش ئەوەی قێری میسرییەکان دەکرد کە ڕەوشت پەیوەندی بە دینەوە نییە و فەرەنسیەکان ڕێز لە ئافرەت دەگردن بەو شێوازە بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە ئەوکارە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا تێکدەگیرێن .

طهطاوي هەموو بەرگریەکانی لە شارستانی ڕۆژئاواو و مافی ئافرەت بەو شێوەی کە لەگەڵ دینی ئیسلام ناگونجێت، هەروەها وەرگێڕانی بۆ بەرهەمە خراپەکانی فەرەنسا و گۆڕینی مەناهیجی خوێندن لەسەر بنەمای ڕۆژئاوا و لابردنی زانسە ئیسلامیەکان و هاندانی بۆ دروستکردنی شوێنی سەما و نواندان وخراپەکاری، هەموو ئەو کارانەی گوایە وەکو چاکسازێکی ئیسلامی ئیسلامی و وەکو چالاکیەکی چاکسازی ئەنجام دەدا !

9 - هەر بۆیەو لەبەر ئەو کارانەی طهطاوي بوو بە جێگای ڕێز بایەخ و ستایشکردنی ڕۆژئاواییەکان و هەروەها پێگەی تایبەتیشی لەلای سەرانی حوکم لە میسر و لە شوێنانی تر بەدەست هێنا، چونکە طهطاوي توانی وێنەیەکی شێوێندراو دەربارەی ئیسلام پێشکەش بکات و جێدەستی بێگانەکان لە میسردا بەجێبهێڵێت و شوێن پێیان لەناو گەلی میسردا بۆ بکاتەوە.

10 - رفاعة الطهطاوي ئەگەرچی لەلای عەلمانییەکان بە یەکەمین پێشەنگی ڕاپەڕینی زانستی و پێشکەوتن و شوێنپێ هەڵگرتنی ئەوروپا ناسرا. بەڵام ئەو خراپترین پێشەنگ بوو بۆ هەموو ئەوانەی دوای خۆی هاتن کەوا نیازی خراپیان بەرانبەر ئیسلام و موسوڵمانان هەبوو.

11- شاروە نییە کە مێژوو دوو دەرگای بەرینی بەناوبانگی هەیە، زۆر بە سادەیی یەکێکیان دەرگایەکی باشە و ئەوی تریان دەرگایەکی خراپە، ئیتر

ناوادارەکان لە پاش مردنیان لە یەکێك لەو دوو دەرگاوە داخڵی مێژوو دەبن، جا رفاعة الطهطاوي بەو کارە خراپانەی کە لە دژی ئیسلام کردی، بە ئەوپەڕی شایستەییەوە لە دەرگای دووەمەوە چووەتە ژوورەوە.

12- لەوکاتەدا محمد عەلی پادشای میسر، بەرنامەی وابوو ماوەی جارێك کۆمەڵێك گەنجی تازە پێگەیشتووی دەناردە ئەوروپا بەتایبەتی لەوانەی کە هەلوێستیان لە دژی ئیسلام هەبوو، بۆ

ئەوەی پاش گەڕانەوەیان بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت و لە شوێنی هەستیاری وڵاتدا دایانبمەزرێنێت، جا رفاعة الطهطاوي مامۆستایەکی هەبوو بەناوی **شیخ حسن العطار** لە محمد علي پاشاوە نزیك بوو، بۆیە پێشنیاری ئەو خوێندکارەی خۆی کرد ببێتە مامۆستا و پێشنوێژی ئەو خوێندکارانەی کە ژمارەیان زیاتر لە چل کەس دەبوون و بەمەبەستی خوێندن بۆ فەرەنسا دەچوون. رفاعة بەناوی پێشنوێژی و ئامۆژگاری ئایینی خوێندکاران ڕۆیشت لەو گەشتەدا، بەڵام

وەكو یارێكی دڵسۆز بۆ فەرەنسا و شارستانێتی ڕۆژئاوا و نەیارێكی سەرسەختی ئیسلام بۆ میسر گەڕایەوە.

13 - ئەم گەشتەی فەرەنسا بۆ رفاعة طهطاوي وبگرە بۆ میسر و جیهانی ئیسلامیش خاڵێكی وەرچەرخان بوو، چونكە وەكو وتم وەكو پێشنوێژێك ڕۆیشت و وەكو دوژمنێكی كاریگەری ئیسلام گەڕایەوە میسر.

14 - له پاش گەڕانەوەی و ئەو گۆڕانکارییە گەورەی بەسەریدا هات کە زۆر سەرسام بوو بە ئەوروپا و زۆریش ڕەخنە و گازندەی لەئیسلام بۆ درووست بوو، ئەوە بووە مایەی ڕازی بوونی محمد علي و کوڕەکانی لە طهطاوي و لەبەرزترین پلەو پۆستەکاندا دایاننا و لەڕووی مادیشەوە بوو بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە لە میسردا.

15 - رفاعة الطهطاوي هەوڵەکانی بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام جۆراوجۆر بوو، لەوانە:

یەکەم: دامەزراندنی کۆلێژی زمانەکان کە لە ڕاستیدا ئەوە وەکو بەهانەیەك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ڕۆژئاواو لە بنچینەشدا بە ئاراستە کردنی فەرەنسییەکان بوو، لەو کۆلێژەدا بانگەشە بۆ شارستانی ڕۆژئاوا دەکراو بە هەموو شێوەیەکیش شارستانی و فیکر و مەنهەجی ئیسلامی لێدەدرا و ناشیرین دەکرا و دەیان کەسایەتی ناودار

له سەر ڕێچکەی الطهطاوي دوای ئەو درووست بوون.

دووەم: رفاعة الطهطاوي کاتێك هەڵسا بە نووسینی کتێبی: **"تخليص الإبريز في تلخيص باريز"** ئەوە کارێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو، ئەو کتێبە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە دەرخستنی شارستانێتی ڕۆژئاوا وەکو شارستانییەکی باش و بەسوود و پێشەنگ بۆ موسوڵمانان، طهطاوي لەم کتێبەیدا جوانکارییەکی زۆری بۆ شارستانی ڕۆژئاواو بەتایبەتی بۆ فەرەنسا

کرد و هەموو شتێکی ئەوانی بۆ میسرییەکان -بەدەر لە حوکمی ئیسلام لەو شتانەدا- وەکو کارێکی چاك نیشاندا کە پێویستە شوێنی بکەون،

16 - رفاعة الطهطاوي و هاوڕێکانی بە پێی پلانێکی ورد و بەرنامە بۆ دارێژراو، هەڵسان بە وەرگێڕانی زۆرێك لە شانۆگەری و چیرۆك و بەرهەم و کتێبەکانی ڕۆژئاوا و هەموویشی لە بازنەیەکی مەبەستداردا خۆی دەبینیەوە کە بە ئاراستەی تێکدانی کۆمەڵگای موسوڵمانان سەرەتا لە میسر و

دواتر له وڵاتانی تری جیهانی ئیسلامیدا کاریگەری خۆی هەبوو.

17 - یەکێك لەو دروشمانەی رفاعة الطهطاوي پێوە گەڕایەوە لە فەرەنسا ئەمەبوو کە دەیوت: (إن السفور والاختلاط ليس داعيًا إلى الفساد) واتە سفور و تێکەڵبوونی پیاوان و ژنان نابێتە مایەی بڵاوبوونەوەی خراپە و بەڵکو زۆر مەسەلەیەکی ئاساییە.

18 - لە دەرەنجامی هەوڵەکانی رفاعة الطهطاوي و هاوەڵەکانی دەرگا لەسەر پشت کرایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن کە هەر هەمووی لە دژی عەقیدە و شەریعەتی ئیسلام و زمانی عەرەبی بوون.

19 - الطهطاوي پاش پەنجا ساڵ لە هەوڵ و کۆشش بەو ئاراستەدا کە باسمان کرد کە لەو ماوەیەدا دەیان کتێبی بە مەبەستی تێکدانی

کۆمەڵگای میسری و دوورخستنەوەیان لە ئیسلام وەرگێڕاو و دوای ئەوەی بە باشترین شێوە کە داوای لێ کرابوو هەڵسا بە ڕۆڵی خۆی لە ساڵی 1873ز مرد و ئیتر کاروانی شێواندنی ئیسلام و سەرلێتێکدانی موسوڵمانی لەسەر دەستی ئەو کۆتایی پێ هات.

بەڵام دەیان و سەدان نووسەر و مامۆستای زانکۆ و ڕۆشنبیر! و وەرگێڕی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە هەموویان قوتابی ئەو و بەرهەم و دەرەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی بوون لە پێناو دامەزراندنی

دەوڵەتێکی عەلمانی کە دەوڵەتی میسری ئێستا بە بەرهەم و پاشماوەی ئەو دادەنرێت.

20 - شایانی باسە ئەم ناوادارە لە ژیانیدا زۆر بەرپرسیارێتی زانستی وئیداری وەرگرتووە کە یەکەمینیان وەرگێڕ بوو لە قوتابخانەی پزیشکی و کتێبی زۆر نووسیوە و وەرگێڕاوە و بە خۆیشی کەسێکی کردەیی بووە و لەسەر زەمینەی واقیعدا کاریگەری هەبووە و بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی خۆیدا ڕۆڵی زۆری هەبووە و ناکرێت

هەموو کارەکانی بە خراپ وەسف بکرێت، چونکە لە بواری زانستی پەتی وەکو زانستی پزیشکی و جوگرافیا و مێژوو و فەلەك و ئەدەب و بواری تردا کتێبی وەرگێڕاوە و خزمەتی زانستی کردووە، بەڵام لە لایەنە ئایینییەکەیەوە محمد علي ئەوی بۆ بەرنامەیەکی دژ بە ئیسلام و موسوڵمانان بە کارهێنا و تەماحی زۆری خستەبەری، ئەوەش بۆ ئەوکە لە قۆناغێکی گەنجی هەستیاردا بوو، تاقیکردنەوەیەکی قورس بوو، بەڵام بەداخەوە لەو تاقیکردنەوەدا دەرنەچوو.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

-الاتجاه العقلاني عند المفكرين الإسلاميين المعاصرين، سعيد الزهراني.

- أعلام وأقزام للعفاني.

**تێبینی:** ئەم بابەتە بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو پۆست لەسەر ئەو ناودارە یەکێکیان لە 2015 و ئەوی تریان لە 2022 نووسیمە، ئێستەش پاش پێداچوونەوەیەکی خێرا بەباشم زانی جارێکی تر بڵاوی بکەمەوە.